**گرێ (فرێز):**

گرێ لە وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک پێکدێت، بەمەرجێک پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەم وشانەدا هەبێت. بەپێی بۆچوونی ڕێزمانی دێرین، ڕستە ڕاستەوخۆ لە چەند وشەیەک پێکدەهات، بەڵام بۆچوونە نوێیەکان ئەمەیان دەرخست، کە ڕستە بەر لەوەی لە وشە پێکبێت، پێکهاتێکی تری هەیە کە بریتییە لە (گرێ)، واتا ڕستە لە گرێ پێکدێت و گرێش لە وشە، بۆ زیاتر ناساندنی (گرێ) چەند تایبەتیەک دەخەینە ڕوو، کە پێویستە لە گرێدا هەبێت.

- دەبێ پەیوەندییەک لە نێوان کەرتەکانی گرێدا هەبێ.

- گرێ سنووری دیاریکراوی نییە بەپێی پێویست یان ئارەزوو دەتوانین گرێ فراوان بکەین.

- بە لایەنی کەمەوە دەبێت لە گرێدا سەرە هەبێت.

سەرە ڕەگەزێکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە پێکهاتی فرێزەکاندا، بۆیە هەردەم بوونی پێویستە لە فرێزدا، هەموو فرێزێک سادە بێت یان فراوانکراو سەرەیەکی ڕێزمانی هەیە، کە دەبێتە دیارخراوی فرێزەکە و دەکرێت دیارخەری لەگەڵدا بێت یان نەبێ، (جگە لە فرێزی بەند). بە دەرکەوتنی دیارخەر فرێز سنووری سادەیی تێدەپەڕێنێت. سەرە کرۆکی گرێیەکەیەو تەنانەت (گرێ) بە هۆی سەرەکەیەوە ناو دەندرێت، واتە ئەگەر سەرەی فرێز کە ناو بوو ئەوا فرێزەکە دەبێت بە فرێزی ناوی، ئەگەر ئاوەڵناو بوو دەبێتە ئاوەڵناوی، ئەگەر ئاوەڵکار بوو دەبێتە فرێزی ئاوەڵکاری، ئەگەر کار بوو دەبێت بە فرێزی کاری، هەروەها ئەگەر سەرەی گرێ بریتیبێت لە پێشبەند (پریپۆزیشن) ئەوا بە فرێزەکە دەوترێت فرێزی بەند.

**جۆرەکانی گرێ (فرێز):**

1- گرێ (فرێز) ی ناوی: گرێ (فرێز) ی ناوی بەشێکی سەرەکی ڕستەیە، چونکە سادەترین ڕستە لە کوردیدا لە دوو گرێ پێکدێت (گ.ن گ. ک)، بەم یاسایەش دەنوێندرێتک

**ڕستە ←———— (گ ن + گ. ک)**

ئەم یاسایەی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە هەموو ڕستەیەک لە کوردیدا دەبێ گرێیەکی ناوی تێدا بێت، لە گرێی ناویشدا ناوێک یان ڕاناوێک دەبێت بە کرۆکی گرێ، کە بە سەرە یان (دیارخراو) دەناسرێت، دەکرێت کۆمەڵێک کەرەستەی تر بەشداری لە فراوانکردنی (گ. ن) دا بکەن، کە دەبن بە دیارخەر بۆ کەرستە سەرەکییەکە، واتە (سەرە).

سەرەی فریزی ناوی دەبێت بە چەقێک بۆ فراوانکردنی فریزەکە، هەندێک لە کەرستەکان پێش سەرە دەکەون پێیان دەوترێت کەرەستە (دیارخەر) ەکانی پێش سەرە، هەندێکیشیان دوای سەرە دەکەون پێیان دەوترێت کەرەستە (دیارخەر) ەکانی دوای سەرە، کە بەم یاسایانەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:

یاسای (1): گ. ن ⟵ [ناو / ڕاناو] ڕووت

ئەم کەوانەیە واتە یەکێک لەم دووانە یان ناو یان ناو جێناو

**ئازاد هات ، ئەو هات**

ناوەکە دەکرێت بە هۆی ئامرازی بەستنەوە دووبارە بکرێتەوە بۆ ژمارەیەکی بێ کۆتایی

ن + ن + ن + ن

ئازاد و نەوزاد و شێرزاد و ... تد هاتن

**یاسای (2): گ. ن ⟵ کەرەستەکانی پێشەوە + ناو**

سەرەی فریزی ناوی کە لەناو یان ڕاناو پێکدێت دەشێت لە پێشەوە بە هۆی چەند کەرەستەیەک فراوان بکرێت، کەرەستەکان هەر لە چوارچێوەی فریزەکەدا لای ڕاستی سەرەی فریزەکە دەگرن و وەکوو دیارخەر ڕوونتری دەکەنەوە، کەرەستەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**کەرەستەکانی پێش سەرە:**

- **هەر**: هەر ئازاد هات
- **تەنیا:** تەنیا ئەو هات
- **ئامرازی نیشانە:** ئەو قوتابییە بانگ بکە
- **ژمارە:** دوو قوتابی دەرچوون
- **هەندێ ئامرازی پرسیارکردن:** چەند قوتابییەک ئامادە نەبوون

- **ڕادە (چەندیەتی):** هەندێ کچ، زۆر کەس
- **ڕاناوی نەفی (هیچ):** هیچ کەس لە دێیەکەدا نەمابوو
- **ئاوەڵناوی باڵا:** جوانترین تابلۆ

واتە کەرستەکانی پێش سەرە بریتین لە وشەی (هەر، تەنیا، نیشانە، ژمارە، ئامرازی پرسیارکردن، ڕادە (چەندیەتی)، نەفی (هیچ)، ئاوڵناوی باڵا)

مەرج نییە ئەم کەرستانە هەموویان بەدوای یەکتریدا ڕیزبکرێن لە پێش سەرەی فرێزدا، بەڵام دەشێ دوو کەرستەیان زیاتر بەدوای یەکتریدا بێن، وەک:

**ئەم دوو قوتابییە زیرەکن.**

**هەر ئەم دوو قوتابییە زیرەکن.**

**هەر تەنیا ئەم دوو قوتابییە زیرەکن.**

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە ئەو دیارخەرانەی لە پێش سەرەی گرێی ناوییەوە دێن و فراوانی دەکەن بەبێ ئامرازی خستنەسەر بە سەرەکانیانەوە دەلکێن، وەک لە نموونەکاندا هاتووە.

**یاسای** (3): **گ. ن** ⟵ **ن + کەرەستەکانی دواوە**

ئەو کەرستانەی سەرەی گ. ن لە دواوە فراوان دەکەن بریتین لەمانەی خوارەوە:

- **ئامرازەکان:** ناسیاوی، نەناسیاوی، کۆ منداڵێک هات/منداڵەکە هات/ منداڵان هاتن /
- **ئاوەڵناو:** پیاوی ئازا/ بەردی گەورە/ شاخی بەرز/
- **ڕاناو (خاوەنی):** قەڵەمەکەم
- **چاوگ:** جگەرەکێشان / کارگەی چنین/
- **ناو:** ناو خۆی وەک گرێیەکی ناویتر دەبێتە دیارخەر بۆ سەرەی گرێی ناویەکە، وەک:

<u>منداڵی</u> <u>دراوسێکەم</u>

دیارخراو گ. ن

<u>مێردی</u> (<u>کچی</u> <u>پووره</u> <u>بەتەمەنە</u> <u>کە</u> <u>م</u>)



<u>کوڕی</u> <u>برای</u> <u>مامۆستای</u> <u>فیزیامان</u>

س.گ    س    س    دیارخەر

دیارخەر

لەمەی سەرەوە (کوڕ) سەرەی گرێیەکەیە، (برا) ناوە بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبۆتە دیارخەر بۆ (کوڕ)، بەڵکوو وەکوو گرێیەکی ناویتر بووە بە دیارخەر بۆ سەرەی فرێزەکە.دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە لەمە بە دواوە لە جۆرەکانی گرێدا جگە لە گرێی کاری، بەجیا باسی جۆرەکانی تری گرێ ناکەین، چونکە ئەو جۆرانە لەگەڵ فراوانکردنی گرێی ناوی بە هۆی کەرەستەکانی دواوە باس دەکەین، بەو واتایەی بە تێکەڵکردن لە نێوان ئەم جۆرە فرێزانە و کەرەستەکانی دواوەی سەرەی فرێزی ناوی باسیان لێوە دەکەین.

**گرێی ئاوەڵکاری**: گرێ ئاوەڵکارییەکان دەبن بە دیارخەری سەرەی گرێی ناوی و لە دواوە سەرەی فرێزەکە فراوان دەکەن، ئەم جۆرە فرێزە بە شێوەیەکی گشتی بە (بن، ژێر، لە تەنیشت، سەر، پاڵ، ... هتد) دەست پێدەکات.

<u>گوڵی</u> <u>ناو گوڵدانە</u> <u>کە</u> سروشتی نییە.

س    گ. ئاوەڵکارییە    ناسیاوییە

دیارخەر    دیارخەر

**پاڕستەی گەیەنەر**: دەکرێت سەرەی فرێزی ناوی لە دواوە بە هۆی پاڕستەی گەیەنەر فراوان بکرێت، وەک:

(<u>ئەو</u> <u>گوڵەی</u> <u>کە لە نێو باخا دەشنایەوە</u>) وشک بوو.

دیارخەر    سەرە    دیارخەر / پاڕستەی گەیەنەر

دیارخەر    دیارخەر

**تێبینی/** پاڕستەی گەیەنەر ئەو جۆرە ڕستانەن کە سەربەخۆیی سینتاکسییان نییە و بەشێکن لە ڕستەیەکی گەورەتر، بە هۆی ئامرازی گەیەنەری (کە) دەناسرێنەوە، بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئامرازی (کە) لە هەندێ ڕستەدا دەتوانرێ بکرتێنرێت، ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر و فراوان هەستی پێ دەکرێت لە زمانی نووسین و قسە کردندا، وەک:

د.عمر

**ئەو قەسپەی کە تۆ دەیخۆیت**

**ئەو قەسپەی تۆ دەیخۆیت**

لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا جیاوازی نێوان گرێی ئاوەڵکاری و پارستەی گەیەنەر دەخەینەڕوە:

گ. ئاوەڵکارییە

**ئەو قاوەی ناو فنجانەکە تاڵە.**

**ئەو قاوەی لە ناو فنجانەکەدایە تاڵە.**

پارستەی گەیەنەرە

لە پارستەی گەیەنەردا (کار) هەیە، بەڵام لە فرێزی ئاوەڵکاریدا (کار) نییە.

**(ئەو سێوەی لە ژێر دارەکە کەوتووە) گەییوە.**

ئ. نیشانە – س – پارستەی گەیەنەرە

دیارخەر – دیارخەر

**ئەو سێوەی ژێر دارەکە گەییوە.**

ئ. نیشانە – س – ف. ئاوەڵکارییە

دیارخەری پێشەوە – دیارخەری دواوە

کاتێک پارستەی گەیەنەر لە سەرەکەی دوور دەکەوێتەوە جۆرێک لە تەمومژی دروست دەکات، کە بە ئاسانی نازانرێ بۆتە دیارخەری کامە کەرستە، وەک:

**دوێنێ پیاوەکە بە ئوتۆمبێل بۆ بازاڕ چوو**

لەم ڕستەیەیی سەرەوەدا:

– ئەگەر بمانەوێت پیاوەکە بە پارستەی گەیەنەر فراوان بکەین بەم شێوەیە دەبێت:

**دوێنێ ئەو پیاوەی کە لە پاڵ پەیکەرەکە وەستا بوو بە ئۆتۆمبێل بۆ بازاڕ چوو**

– ئەگەر بمانەوێت (ئۆتۆمبێل) بە پارستەی گەیەنەر فراوان بکەین بەم شێوەیە دەبێت:

**دوێنێ پیاوەکە بەو ئۆتۆمبێلەی کە لە ژێر سێبەری دارەکە ڕاگیرابوو بۆ بازاڕ چوو**

– ئەگەر بمانەوێت بازاڕ بە هۆی پارستەی گەیەنەر فراوان بکەین بەم شێوەیە دەبێت:

**دوێنێ پیاوەکە بە ئۆتۆمبێل بۆ ئەو بازاڕەی کە لە تەنیشت ماڵی ئێوە کرایەوە چوو**

لەمەی سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کەمێک زەحمەتتر دەزانرێ، کە پارستەکان بوونەتە دیار خەری کام کەرستە. ئەمە لە (ڕستەی ئاوێتە)دا بە درێژی باس دەکەین.

**گرێی ئاوەڵناوی:** ئەم جۆرە لە ڕووی داڕشتنەوە سادەیە و سەرەکەی دەبێ ئاوەڵناو بێ، ژمارەی دیارخەرەکانی سنووردارن، وەک: (زۆر، گەلێک، ڕادە، هەرە،...) جگە لەمانە مۆرفیمی (تر و ترین) لە دواوە دەتوانن سەرەی گرێی ئاوەڵناوی فراوان بکەن.

گرێی ئاوەڵناوی کەرەستەیەکی ترە لە دواوە (گ. ن) فراوان دەکات. وەک:







**تێبینی/** گ. ئاوەڵناوی هەردەم ئەرکی دیارخەری دەبینێت، هەندێ جاریش دەبێت بە تەواوکەری کار وەک:

**منداڵە کە زیرەکە**

تەواوکەری کاری ( ە )، نەبووە بە دیارخەری منداڵ

**یاسای** ( 4 ): گ. ن ⟵ کەرەستەکانی پێشەوە + ناو (کەرەستەکانی دواوە)

دوو قەڵەمە سوورەکە

ک.پێشەوە   س   ک.دواوە

ئاوەڵگوزارەی شوێن (ف.بەند)

**هیچ کتێب لەسەر مێزەکەدا نەماوە**

پارستەی گەیەنەر

**ئەو کتێبەی کە لەسەر مێزەکەدا نەماوە گرنگ نییە**

– ڕستەی (یەکەم): لەسەر مێزەکە: ئاوەڵگوزارەی شوێنە یاخود بڵێین فریزی بەندە چالێکی پڕکردۆتەوە و پرسیار لە (کوێ) دەکات، واتە:

**کتێبەکە لە کوێ نەماوە.**

– ڕستەی (دووەم): کە لەسەر مێزەکە دا نەماوە پارستەی گەیەنەر بووە بە دیارخەری سەرەی (ف. ن)، کە (کتێبە) و پرسیار لە (کام) دەکات واتە:

**کام کتێب نەماوە**

**ئەرکەکانی گ. ن:**

1– بکەر: گ. ن لە ڕستەی زمانی کوردیدا ئەرکی بکەر دەبینێت، وەک:

**منداڵە زیرەکەکە هات**

2– بەر کار:

**کتێبەکەم خوێندەوە / قوتابییە زیرەکەکانم دەستنیشان کرد**

ئەو منداڵە تەمەن دوازدە ساڵیە یان دیت

بکەر          بەرکار

3- تەواوکەری کار:

**ئێمە کوردین / ئازاد قوتابییە**

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی( گ.ن ) بریتییە لەوەی کە ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینێت، بۆ نموونە:

(گ.ن) ە ئەرکی ئاوەڵگوزارەی کاتی بینیوە

**هەفتەی ڕابردوو یادی کارەساتەکەی شەرناخمان کردەوە**

**تێبینی/** ئاوەڵگوزارە بریتییە لە چاڵێکی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا دەکرێت (گ. ن) ئەم ئەرکە ببینێت، واتە مەرج نییە ئەم ئەرکە تایبەت بێت بە ئاوەڵکار وەک لەسەرەوە باسمانکرد.

ئەو ڕۆنانانەی ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینن بریتین لە مانەی خوارەوە:

- گرێی بەند: **لە پارەوە تۆم نەبینیوە**
- گرێی ناوی: **نەورۆزی پار ئاهەنگمان گێڕا**
- ئاوەڵکار: **دوێنێ چووین بۆ بازاڕ**

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین ئەو (گ.ن) یەی ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینێت بە زۆری ئاوەڵگوزارەی کاتە.

**تێبینی**/ ئەو ناوانەی بەهۆی ( و ) یان ( ی ) لێکدەدرێن جیاوازی نێوانیان لەوە دایە، کە ئەوانەی بە هۆی( و ) لێکدەدرێن هەموویان بەشداری لە ڕووداوی کارەکەدا دەکەن بەپێی ئەو ئەرکەی لە چوارچێوەی ڕستەکەدا پێیان سپێردراوە، وەک:

**ئازاد و نەوزاد و ڕزگار و دارا .... تد هاتن**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ناوەکانی ئازاد، نەوزاد، ڕزگار، دارا، کە بە هۆی ئامرازی ( و ) لێکدراون دەوری بکەری ڕستە دەبینن و هەر چواریان لە کاری هاتندا بەشدارییان کردووە، هەروەها ئەو ناوانەی بە هۆی( ی ) لێک دەدرێن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەی ( هەیی ) دایە، تەنیا ناوی یەکەم ڕووداوی فەرمانەکە بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو چوارچێوەی

ڕستەکەدا پێی سپێردراوە بەجێدەهێنێ، ئەم ناوەش سەر  بە ناوی دووەم دەبێ و ناوی دووەم سەر بە هی سێیەم دەبێ و هتد وەک:

**برای خێزانی ئامۆزاکەم هات**

لەم ڕستەیەدا تەنیا برا کاری هاتنی ئەنجام داوە ئەم برایە هی (خێزانە) خێزان هی (ئامۆزا) یە... هتد.

**فرێزی بەند:** ئەو فرێزەیە کە لە کۆمەڵێک وشە پێکدێت و بە یەکێک لە پێشبەندەکان دەست پێدەکات و بە ناو یان جێناو کۆتایی دێ. بە هیچ شێوەیەک فرێزی بەند لە تاکە وشەیەک پێکنایەت، بەمەش ئەم جۆرە فرێزە لە ڕووی پێکهاتنەوە ناسادەیە، چونکە سەرەی فرێزەکە بەتەنیا دەرناکەوێت.  ئەو پێشبەندانەی بەشداریدەکەن لە (فرێزی بەند) دا هەندێکیان پاشبەندیان لەگەڵدا دەبێت، پاشبەندەکەش بەکۆتایی تەواوکەرەکەوە دەلکێت.

لە ڕووی ئەرکەوە: فرێزی بەند یان دەبێت بە سەربار یان دەبێت بە تەواوکار:

لە ئەرکی سەرباردا: تەواوکاری فرێزی بەند بریتی دەبێت لە ئاوەڵکار.

لە ئەرکی تەواوکاریشدا دەبێت بە تەواوکاری گوزارەیی و بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فرێزی بەند ئەوەیە کە ئەو کەرستەیەی لە دوای سەرەی فرێزەکە دێت نابێت بە دیارخەری فرێزەکە بەڵکوو دەبێت بە تەواوکەر بۆی، بۆیە بوونی تەواوکەر لە فرێزی بەنداداا پێویستییەکی بەخورتەکییە وەک:

ئازاد لە دارا ناترسێت

فرێزی بەند:   لە دارا

س   تەواوکار

بەڵام لە فرێزی ناوی دا دەبێت بە دیارخەر وەک:

ئازادی برام

س   دیارخەرە

هەروەها سەرەی فرێزی بەند هیچ مۆرفیمێکی ڕێزمانی وەرناگرێت، بەڵکوو مۆرفیمە ڕێزمانیەکان دەچنە سەر تەواوکەرەکە.

دەچم بۆ قوتابخانەکە / *بووەکە قوتابخانە

مۆرفیمی ڕێزمانی                مۆرفیمی ڕێزمانی

ئەو کەرستانەی دەبن بە تەواوکەری فریزی بەند بریتین لەمانەی خوارەوە:

١– ناو: جووتیارەکە بە پاچ زەوی هەڵدەکەن.

٢– ئاوڵناو: چێشتەکە بە گەرمی مەخۆ.

٣– ڕاناوی کەسی سەربەخۆ: بەسەرهاتت بۆ من ئاشکرا بکە.

٤– ڕاناوی نیشانە: بەم قسانە باوەڕ مەکە.

٥– ڕاناوی خۆیی: تۆ بەخۆت بەڵێنت داوە.

٦– ڕاناوی پرس: ئەم کتێبە بەچەندە؟

٧– ڕادە: لە هەموویان بە تەمەنترە.

٨– چاوگ: درێغی لە خوێندن مەکە.

٩– ژمارە: بیر لە سێ ساڵ لەمەوبەر بکەوە.

١٠– ئاوڵکار: لەژێر ئاسمانی شینا لەسەر لووتکەی بەفرینا ...

– فراوانکردنی فریزی:

آ– بە ئاراستەی لای ڕاستی سەرە: ئەو کەرستانەی فریزی بەند لە پێشەوە فراوان دەکەن سنووردارن وەک: ( زۆر– یەکسەر– هەر ... )

زۆر لە ژێرەوەیە، یەکسەر بە پشتی شاخەکەدا سەرکەوتین، هەر لە کەنار شاخەکەدا بوو دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو کەرستانەی لە پێش سەرەی فریزی بەند دێن، دەبن بە دیارخەر بۆ فریزەکە.

ب- بە ئاراستەی لای چەپی سەرە: ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانی بەربڵاوی هەیە بەڵام دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە لەم بارەدا کەرستە فراوانکەرەکان تەواوکەری فرێزەکە فراوان دەکەن نەک سەرەی فرێزەکە. کەرستەکانیش بریتین لە هەموو ئەو کەرستانەی سەرەی فرێزی ناوی فراوان دەکەن.

**فرێزی کاری**: پێکهێنێکی تری ڕستە لە زمانی کوردیدا بریتییە لە فرێزی کاری، کە بوونی ئیجبارییە لەناو ڕستەدا. ئەمەش وامان لێدەکات، کە بڵێین فرێزی کاری لە جۆرەکانی تر گرنگترە، چونکە ( ف. ک ) ڕاناوەکانی بکەر و بەرکار وەردەگرێت لە ئاستی سەرەوەی ڕستە، بەم پێیە دەکرێت فرێزی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەوێت. بەڵام ڕستە بەبێ دەرکەوتنی فرێزی کاری نابێت. لێرەدا مەبەست (کاری تەواو) ە.

فرێزی کاری لە سادەترین ڕۆنانیدا لە کارێک پێکدێت، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە: بەو واتایەی لە زمانی کوردیدا کاری سادە نییە بەڵکوو فرێزی کاری لە سادەترین شێوەدا پێکدێت لە (ڕەگ- کات- کەس ). وەک:

مرد ⟵ مر + د + Ø

لە فرێزی کاریدا مۆرفیمی ڕەگ تەوەرەیە و هەموو مۆرفیمە بەندەکانی تر بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، واتە ڕەگی کار دەبێتە سەرەی گرێیەکە و هەموو واتای کارەکە لەوێدا کۆ دەبێتەوە.

**هەڵمان نەدەگرتن**

هەڵ + مان + نە + دە + گر + ت + ن

فرێزی کاریش وەک جۆرەکانی تر بەهۆی کەرستەی ترەوە فراوان دەکرێت سەرنجی ئەم یاسایانەی خوارەوە بدات:

- ف. ک ⟵ ڕەگی کار + کات + کەس

هاتم ⟵ ێ + ت + م

زۆرجار فرێزی کاری پێویستی بە کەرستیەکیتر دەبێت لە ڕستەدا، وەک: بەرکارێکی چەسپاو

(ئیجباری ) دەبێ بوونی هەبێت لە کاری تێپەڕدا، کە لە شێوەی فرێزی ناویدا لەگەڵ کارەکەدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە پێش کار وەک:

گ. ک ⟵ گ. ن + ک

مندالّەکە شیر دەخوات

ف.ن ف.ن ف.ک

هەروەها فرێزی بەندیش فرێزی کاری فراوان دەکات،  بەشێک لە ڕستەی کوردی بە هۆی فرێزی بەندەوە وەک پێکهێنەرێکی چەسپاو تەواودەکرێت، واتە فرێزی بەند لە ڕوونانی ڕستەکەدا بەشداری دەکات و دەبێت بە بەشێکی بنجی لە فرێزی کاریدا.  وەک:

ف.ک + ف.بەند + ک

**پشیلەکە بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا.**

**ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما.**

هەروەها ئاوەڵکار وەکوو کەرستەیەک دەتوانێت لە دەرەوە فرێزی کاری فراوانبکات، وەک:

**من دوێنێ هاتم**

هەندێک جار ڕستە بەشداری دەکات لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا،  دەبێتە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو لە سنووری ڕستەیەکی ناسادەدا بە تایبەتی ئەو ڕستانەی بەرکاریان لە ڕستەیەک پێکدێت وەک:

دیارخەر

من بە تۆم وت مەڕۆ بۆ شەڕە بەفر

ئەو یاسایانەی پێشوو باسکران تایبەت بوون بە ڕستەی (کار تەواو)، کە جیاوازی لەگەڵ ڕستەی کاری (بوون) دا هەیە وەک:

**خانووەکەتان کۆنە**

لەم جۆرە ڕستەیەدا گرێی کاری بوون پێویستی بە تەواوکەر ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ... هتد) هەیە. هەروەها کارەکە دەکەوێتە دوای تەواوکارەکە وەک:

– گ.ک (بوون) ⟵ تەواوکار + بوون

**ئێمە قوتابیین**

**تێبینی**/ ئاوەڵکار بە هەموو جۆرەکانیەوە ( کاتی، شوێنی، چۆنیەتی... هتد ) وەک کەرستەیەکی ناسەرەکی دەتوانێ بەشداری لە داڕشتنی گرێی کاریدا بکات وەک:

**ئازاد ئێستا ڕۆیشت**

هەر وەک لە وانەکانی پێشوودا باسمانکرد ئاوڵکارەکان کاتێک کەرستەری ناسەرەکین لە ڕستەدا واتا ( سەربار )ن، دەکرێت شوێنیان بگۆڕدرێت لە ڕستەدا. وەک:

**ئازاد ئێستا هات – ئێستا ئازاد هاتا**

د. عمر